


# دەوڵەتە چەتەکان

سیاوەش گودەرزی

گۆڤارێکی هزری، سیاسی، جڤاکی، وەرزییە
ژمارە ٤٧ هاوینی ٢٠٢٤

چەمکی دەوڵەتی چەتە نەخشێکی گرنگ لە گەڵاڵەدارێژیی و لێکدانەوە سیاسییەکانی ئیمڕۆی جیهاندا دەگێڕێت. ئەمریکا و ئینگلیز ژمارەیەک دەوڵەتی وەک عێراق، ئێران، لیبیا، سووریا، سوودان و کۆریای باکوور وەک دەوڵەتی چەتە دەناسێنن، جا ئەم دەوڵەتانە بە مەترسیی سەر ڕاسەری وڵاتانی دراوسێ و تێکڕای جیهان دەزانن. دەوڵەتان چ مافێکیان لە پاراستنی سیستەمی جیهانییدا هەیە و چ ئەرکێکیان دەکەوێتە سەر شان، ئەمە بە ئاشکرا لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئاماژەی دراوەتێ. ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، وەک بنەمای مافە نێونەتەوەییەکان ناسراوە، گەورەترین و گرنگترین بەڵگە و پەیماننامەی جیهانییە و تێیدا هاتووە: «ڕاپۆرتی

ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەرانبەر مەترسیی بۆ سەر ئاشتیی و ئەنجامدانی تاوان بۆ تێکدانی ئاشتیی و کردەوەی هێرشکەرانە هەڵویست دەنوێنێت، بە جۆرێک لەگەڵ مادەکانی (٤١ و٤٢) ناتەبا نەبێت، پێشنیاری پێویست دەخاتە ڕوو و بڕیار دەدا چ جۆرە چارەسەرێک بدۆزرێتەوە»[١]. لە پەراوێزی ئەم مادەیەدا ئاماژە بەوە کراوە تا ئەو جێیەی دەکرێت گەرەکە کەڵک لە شێوازی ئاشتیخوازانە ببینێت و خۆی لە ڕێچارەی چەکدارانە ببوێرێت، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەم ڕێچارانە کاریگەر نەبوون، ئەوا ئاماژە بە مادەی ٥١ـی ڕاپۆرتەکە کراوە و لەوێڕا «مافی خۆپاراستنی تاک و کۆمەڵ بەرانبەر هێرشی چەکداریی دراوە»[٢]. ئەگەر ئێمە ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان وەک بنەما دابنێین و لەوێوە پێناسەی دەوڵەتە چەتەکان بکەین، ئەوا ڕاستییەکەی بۆمان دەردەکەوێت نەک تەنیا ئەو چەند دەوڵەتە ئاماژابۆدراوە، بەڵکوو لە پێشدا خودی ئەمریکا و پاشان دۆست و هاوپەیمانەکانی، جا چ لە ڕۆژهەڵاتی ناویین بن چ ئەمریکای لاتین و شوێنەکانی تری جیهان، دەکەونە نێو لیستی دەوڵەتە چەتە و یاساشکێنەکان. لیستی پێشێلکارییە یاساییە نێونەتەوەییەکان و خۆتێهەڵقورتاندنە سیاسیی و سەربازییەکانی ئەمریکا لە وڵاتانی تردا ئەوەندە زۆرە، کە ئەم وتارە ڕایەی ناکەوێت ئاماژە بە گشتیان بدات، بەڵام بەو دۆخەشەوە ئاوڕدانەوەیەکی کورت و خێرا پێویستە: لە دەیەی شەستەکانەوە تا ئێستا ٤٠ ساڵی خشتە کووبا کەوتووەتە بەر هەڕەشە، ئەویش بە ئابڵۆقەی ئابووریی و تیرۆر و دروستکردنی تەنگوچەڵەمە لەلایەن ئەمریکاوە. تا ئێستا چەند جاران لە

لایەن CIAـیەوە نەخشەی تیرۆری فیدڵ کاسترۆ و کودەتا دژی کووبا دارێژراوە[٣]. ساڵی ١٩٧٥، سۆهارتۆی دیکتاتۆری ئیندۆنزیا، تەیمووری ڕۆژهەڵاتی داگیر کرد، ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بڕیارێکدا داوای لە ئیندۆنزیا کرد ئەو وڵاتە بەجێ بهێڵێ، بەڵام سۆهارتۆ پشتیوانیی دیپلۆماتیی و سەربازیی ئەمریکای لە پشت بوو، گوێی بەم بڕیارە نەدا و بۆ ماوەی فرەتر لە بیست ساڵ درێژەی بە داگیرکاریی تەیمووری ڕۆژهەڵات دا، هەروەتر زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کەسی ئەو وڵاتەی کوشت[٤]. دادگای نێونەتەوەیی لاهای ساڵی ١٩٨٦ ئەمریکای تاوانبار کرد بەوەی لە نیکاراگوا توندوتیژیی چەکداریی بەکار هێناوە و بە بیانووی یارمەتیی مرۆیی و سەربازیی، چەکی بە کۆنتراگەریلاکانی نیکاراگوا داوە. هەروەها دادگای نێونەتەوەیی داوای لە ئەمریکا کرد زیانەکانی نیکاراگوا قەرەبوو دەکاتەوە، بەڵام ئەمریکا نەک تەنیا گوێی لەم بڕیارەی دادگای نێونەتەوەیی خەواند، بەڵکوو زیاتر لە جاران خۆی لە کێشەی نیکاراگوا هەڵقورتاند[٥]، کاتێک ڤێتنام ویستی پێش بە قەسابخانەکەی پۆلپۆت بگرێ، چین بە ڕەزامەندیی ئەمریکا هێرشی کردە سەر ڤێتنام. پاشان کاتێک پۆلپۆت لەسەر کار لابرا، ئەمریکا یەکێک بوو لە پشتیوانە هەرە نزیکە دیپلۆماتیی و سەربازییەکانی پۆلپۆت، ئەو پۆلپۆتەی وەک یەکێک لە بکوژ و کۆمەڵکوژکەرەکانی جیهان ناسراوە[٦].

ئەمریکا ئەزموونی دیموکراسی گواتیمالای بە هێرشێکی سەربازیی لەناو برد و حکومەتێکی سەربازیی و دیکتاتۆریی

هێنایە سەر کار، جا بۆ ماوەی چل ساڵ درێژەی بە حکومەتە سەرەڕۆکەی خۆی دا[٧]. ساڵی ١٩٩١ ئەمریکا بە ئابلۆقەی ئابووریی ئەزموونی دیموکراسیی هایتیی لەناو برد و سەرکۆماری گەلپەسەندی لەسەر کار لابرد. دۆستێکی خۆی هێنایە سەر کار کە تەنیا ١٤٪ دەنگەکانی هێنابوو[٨]. ساڵی ١٩٨٦ ئەمریکا گوندەکانی لیبیای بە بیانووی شیانی تیرۆر بۆ داهاتوو بۆمبباران کرد و خەڵکی بێتاوانی کوشت[٩]. ئەمریکا بە پشتبەستن بە مادەی ٥١ـی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، واتە مافی خۆپاراستن، هێرشی کردە سەر پاناما و داگیری کرد[١٠]. ئەمریکا لە ساڵەکانی ١٩٦١ و ١٩٦٢ گازی کیمیایی لە باشووری ڤێتنام بەکار هێنا و ئێستاش شوێنەواری ئەو بۆمببارانە کیمیاییە لە سەر خەڵک ماوە، وەک نەخۆشی شێرپەنجە و لەدایکبوونی نەبەکام[١١]. ئەم کردەوانەی ئەمریکا تەنیا دڵۆپێکن لە دەریا. ئەمە نیشاندەری ئەوەیە کە ئەمریکا وێڕای عێراق و ئێران و (ئەو دەوڵەتانەی ئەمریکا بە چەتەیان ناودێر دەکات)، یەکێکە لە دەوڵەتە چەتە و یاساشکێنە زەبەلاحەکانی جیهان. لە ڕوانگەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاوە دەبێت پەیوەندیی ئەمریکا و دەوڵەتان بە پێودانگی ملکەچیی و پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئەمریکا ڕەنگڕێژ بووبێ، نەک بەپێی یاسا نێونەتەوەییەکان و ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان. ساڵی ١٩٩٣ بیل کلینتۆنی سەرکۆمار ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی ئاگادار کردەوە کە «ئەمریکا ئەگەر بتوانێت ئەوا چەند لایەنە و بە هاوکاریی وڵاتانی دیکە دەجووڵێتەوە، ئەگەریش ناچار بوو ئەوا لە کێشە

نەتەوەییەکاندا یەکلایەنـە دەجووڵێتـەوە»[١٢]. مادلیـن ئوڵبرایتـی وەزیـری دەرووەی ئەمریـکا سـەبارەت بـە کێشـەی عێـراق، بـە ڕێکخـراوی نەتەوەیەکگرتووەکانـی گـوت: «ڕۆژهەڵاتـی ناوییـن بـۆ ئێمـە نەخشـی ژیانیـی هەیـە، هـەر بۆیـە ئەگـەر ناچـار بوویـن، ئـەوا یەکلایەنـە دەجوڵێینـەوە و کات و شـوێنی هێرشـە سـەربازییەکانیش دیاریـی دەکەیـن»[١٣].

## ئەمریکا و کێشەی کورد

وەک ‹جۆن پیلجەر›ی نووسـەری بەریتانیی دەبێژێت: «خەریکـە لـە سـایەی فیلمەکانـی هۆلیـوودەوە، تاوانەکانـی ئەمریـکا بیـر دەچنـەوە»[١٤]. بـەڵام لـە کوردسـتانیش وا خـەریکە لـە سـایەی حزبـە چـەپ و دیموکراتەکانـەوە ناهەقییەکانـی ئەمریکا دژی کـورد لـە بیر بکرێـت و ئەمریـکا وەک فریشـتەی ڕزگارکـەری گەلانـی بندەسـت بناسـرێت. لێـرەدا ئامـاژەدان بـە چەنـد نموونەیەکـی ناهەقییەکانـی ئەمریـکا بـە پێویسـت دەزاندرێـت: یارمەتییـە سیاسـیی و سـەربازییەکانی بـە شـای ئێران لـە ڕووخاندنی کۆمـاری کوردسـتاندا ڕۆڵـی زۆر گرنگـی گێـڕاوە[١٥]. بەکاربردنـی کارتـی کـورد دژی عێـراق و سـۆڤیەت و پشـتکردنە کـورد و بەجێهێشـتنی لـە سـاڵانی حەفتـا، یەکێکـە هـۆکارە گرنگەکانـی تێکشـکانی جووڵانـەوەی بارزانیـی لـە سـاڵی ١٩٧٥. سـاڵی ١٩٨٤ ئەمریـکا پەیوەندییەکانـی خـۆی لەگـەڵ سـەدام حسـێنی دیکتاتـۆر وەک دووەم بەرهەمهێنـەری نەوتـی جیهـان پتـەو کـرد و دەسـتی سـعوودیە و وڵاتانـی تـری عەرەبـی ئـاوەڵا کـرد تـا سـوپای سـەدام دژی ئێـران و کـورد بەهێـز بکـەن. سـەدام

حسـێن ڕۆژی ١٦ـی مارسـی ١٩٨٨ هەڵەبجـەی بـە گازی کیمیایـی بۆردومـان کـرد و زیاتـر لـە پێنـج هـەزار کـوردی کۆمەڵکـوژ کـرد. ئـەو سـەردەمە سـەدام حسـێن یەکێک بـوو لـە دۆسـتەکانی ئەمریکا لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوییـن. کاتێـک هەواڵنێرێکـی تەلەفزیۆنـی ABC بـە نـاوی ‹چارلس گلاس› لـە ١٠ـی مانـگ و پـاش گازخنکێنی هەڵەبجـە، پرسـیاری لـە وەزارەتـی دەرەوەی ئەمریـکا کـرد، وتەبێژی وەزارەتـی دەرەوە حاشـای لـە گازخنکێنی هەڵەبجـە کـرد و گوتـی؛ ئێمـە ئاگامـان لـە هەواڵـی وا نییـە. ئەمـە لـە کاتێـکدا بـوو کارمەندانـی ڕێکخـراوی نەتەوەیەکگرتـووەکان لـە مـاوەی ساڵەکانی ١٩٨٦و ١٩٨٧ ڕاپۆرتیـان دابـوو کـە عێـراق گازی کیمیایی لـە شـەڕدا بـەکار بردووە. هەروەهـا کارمەندانـی باڵوێزخانـەی ئەمریکا لـە تورکیـا و سـیخوڕەکانی CIA چاوپێکەوتنیـان لەگـەڵ قوربانییـە کوردەکانـی گازی کیمیایـی سـاز دابـوو، ئەوانیـش ئـەو ڕاپۆرتانەیـان بـۆ دەوڵەتـی ئەمریکا ناردبـوو[١٦].

سـاڵی ١٩٩١ کـورد لـە باشـووری کوردسـتان ڕاپـەڕی و پـاش قوربانییەکـی زۆر کەرکـووک لـە دەسـت سـەدام حسـێن ڕزگار کـرا، چەنـد ڕۆژ دواتـر ئەمریـکا و هاوپەیمانـەکان پێشـی سـوپای عێـراق ئـاوەڵا دەکـەن، بەتایبـەت مۆڵـەت بـە فڕینـی هەلیکۆپتەرەکانی سـەدام دەدرێـت تـا ڕاپەڕینەکـە سـەرکوت بکرێـت و جارێکـی تـر شـاری کەرکـووک بکەوێتـەوە ژێـر دەسـتی سـەدام حسـێن. سـەرکوت و نکۆڵیـی و بـەزۆر تواندنـەوەی کـورد بـە دەسـت تورکیـای ئەندامـی ناتـۆ و دۆسـتی هـەرە نزیکـی ئەمریکا لـە ناوچەکـەدا، یەکێکـە لـە پەڵـە شـەرمەکانی سـەدەی بیسـتەم بـە نێوچاوانـی ڕۆژئـاواوە. لـە کاتێکدا لـە سـاڵانی نـەوەددا ئەمریـکا گەورەتریـن یارمەتیـی ئابووریـی و

سەربازیی پێشکەشی تورکیا کرد، تەنیا لە نێوان ساڵانی ١٩٩٠ تا ١٩٩٤ یەک میلیۆن کەس لە گوندەکانەوە بەرەو ئامەد کۆچی زۆرەملێیان پێ کرا و ٢ میلیۆنی تر بەرەو شار و مەترۆپۆڵەکانی تورکیا ڕاپێچ کران. تەنیا لە نێوان ساڵانی ١٩٩٣ و ١٩٩٤ ٣٢٠٠ کورد لەلایەن پۆلیسی تورکیاوە کوژراون. بە هەزران گوند کاول کراون و ژمارەی قوربانییەکان خۆی لە ٤٠ هەزار کەس دەدات. چەمکی تێرۆریست کە تورکیا لە پڕوپاگەندەی دژی کورد بەکاری دەبا، بە هەمان شێوە لە ئەمریکاش دژی کورد بەکار دەبرێت. ڕێکخراوێکی کوردی وەک پ. ک. ک دەخرێتە نێو لیستی تێرۆرەوە و عەبدوڵا ئۆجالان بەهۆی CIAـیەوە دەگیرێت و ڕادەستی تورکیا دەکرێت. کەوایە کارنامەی ئەمریکا بەرانبەر کورد کارنامەیەکی ڕەشە، ئەمریکا و سیاسەتی دەرەوەی بەرانبەر کورد، شەڕی لێ بترازێت، خێرێکی تری تێدا نەبووە، چاوی ئەمریکا تەنیا لە نەوت و سامانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە نەک شتی تر، کوردیش لەم نێوەندەدا تەنیا قوربانییەکە وەک هەزاران قوربانیی تری جیهان. ڕاستییەکەی ئەمریکا هێندەی دۆستی دیکتاتۆر هەیە لە ژمار نایەن، بەڵام ڕەنگە ناوهێنان و وەبیرخستنەوەی ژمارەیەکیان گرنگ بێت: سۆهارتۆ، مارکووس، مووبووتۆ، ترۆیجیلیۆ، دڤالیە، نۆرییێگا، پینۆشە، شا حسێن، شای ئێران، ژەنەڕاڵە تورکەکان، بنەماڵەی ئاڵ سعوود، ئەنوەر سادات، حوسنی موبارەک، ژەنەڕاڵە پاکستانییەکان، شا حەسەن و کوڕەکەی لە مەغریب، سەدام حسێنی دۆستی کۆن و دوژمنی تازە، تاڵیبانی دۆستی دێرین و دوژمنی ئەمڕۆ، ئاریەل شارۆن و...، پێویست بە نموونەی تر

ناکات، تەنیا ئاماژەدان بە کولۆمبیا دەتوانێ بەس بێت. دەوڵەتی کۆلۆمبیا یەکێکە لە دۆستە نزیکەکانی ئەمریکا و وا لە ئەمریکای لاتین. بەپێی ڕاپۆرتێک کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بڵاوی کردووەتەوە، ساڵانە چەندێک خەڵکی بێتاوان لە کۆسۆڤۆ بە دەستی سربییەکان دەکوژران، ئەوندەش لە کۆلۆمبیا بە دەستی سەربازەکان. لە کۆسۆڤۆ ئەمریکا و ناتۆ هەڵویست وەردەگرن و شەڕ دژی میلۆسۆڤیچ ڕادەگەیەنن، بەڵام لە کۆلۆمبیا چەکوچۆڵی زیاتر بە سەربازەکانی دەدەرێت. لە کولۆمبیا زیاتر لە یەک ملیۆن مرۆڤ بە دەستی حکوومەت و هێزە میلیشیاکان هەڵاتوون و لە سەر خاک و وڵاتی خۆیان ئاوارە و سەرگەردان کراون[١٨].

**دەرئەنجام**

ڕاستە دەوڵەتی عێراق و ئێران و ئەوانی تر چەتەن، بەڵام گەورەترین دەوڵەتی چەتە و یاساشکێن خودی ئەمریکایە و تا ئێستا بە دەیان بڕیاری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی پێشێل کردووە و لە ئاژاوە نێونەتەوەییەکاندا سەربەخۆ دەجووڵێتەوە، بێجگە لەوە ئەمریکا لەبەر قازانجە ئابوورییەکانی دۆستایەتیی گەرمیی ژمارەیەکی زۆر دیکتاتۆر لە جیهاندا دەکات، ڕاستییەکەی ئەمە هۆکارێکی هەرە گرنگی ڕێگرییە لە پرۆسەی دیموکراسیی و ئازادیی لە وڵاتانی دیکتاتۆردا، سەبارەت بە کێشەی کورد، تا ئێستا ئەمریکا لەسەر حسابی مافی کورد مامەڵەی لەگەڵ وڵاتان کردووە و سیاسەتێکی دووڕوویی و دوور لە ئەخلاقی بەرانبەر کورد بەکار هێناوە، لە کاتێکدا بۆ دژایەتیی سەدام حسێن

کارتـی کـورد بـەکار دێنێـت و خـۆی بـە هاوپەیمانـی کـوردی ئـەو بەشـەی کوردسـتان دەزانێت، بـەڵام لـە لایەکـی تـرەوە لـە باکووری کوردسـتان، هـاوڕێ لەگـەڵ تورکیـای هاوپەیمانـی، بەشـداریی لـە کوشـتوبڕی کـورد دەکات، هەرچـی سـەبارەت سیسـتەمی جیهانیـی و ڕۆڵـی ئەمریکایـە وەک تاکـە زلهێـزی جیهـان، ڕاسـتییەکەی ئەوەیـە وەک خـودی چۆمسـکی دەڵێـت؛ ناولێنانـی ئەمریـکا وەک ‹پۆلیسـی جیهانیی› گەورەترین بێڕێزییـە تـا ئێسـتا بـە پۆلیس کرابێت، چونکـە ئەگـەر پۆلیـس هێمـای سیسـتەم و یاسـا بێـت، ئـەوا ئەمریـکا هێمـای ئـاژاوە و پشـێویی و کوێخایەتییـە.

## سەرچاوەکان:


(1) Skurk Stater, Noam Chomsky, 2001, p20

(٢) هەمان سەرچاوە، ل. ٢١

(3) Terror föder terror, John Pilger, 2001, Aftonbladet

(4) Skurk Stater, Noam Chomsky, 2001, p. 8-9

(٥ ) هەمان سەرچاوە، ل. ١٠

(٦ ) هەمان سەرچاوە، ل. ١٦

(٧،٨ ) هەمان سەرچاوە، ل. ١٧

( ٩، ١٠ ) هەمان سەرچاوە، لاپەڕەکانی ٢٦،٢٧

(11) Terror föder terror, John Pilger, 2001, Aftonbladet

(12-13) Skurk stater, Noam Chomsky, 2001, p. 24

(14) Vem är krigsförbryttare?, J Pilger, 2002, Proletär

(15) USA:s roll i Mellanöster, Per Jönsson, september, 2001, DN

(16-17) Skurk Stater, N Chomsky, 2001. p.36-37 - 56-57

(١٨،١٩) هەمان سەرچاوە ل. ٥٥


★★★